# کرێکارانی ئەمریکا لە چاوی کامێرای میدیاکانی حکومەتەوە تەماشای وەزعی خەڵکی عێراق ناکەن!

لە سەردانێکی ڕەسمیو چەند ڕۆژیدا وەفدێکی یەکێتی شوراو نەقابە کرێکاریەکان گەیشتنە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو لە ڕۆژانی 10 تا 26 ی حوزەیران لەوێ مانەوە و سەردانی چەندین شاری وەك: کۆلۆمبیا لە واشنتۆن، مینیسۆتا، مادیسن، ویسکۆنسن، شیکاغۆ، ئەتلانتا، دیترۆیت، بێتسبێرگ، بافلۆو کلیفیلندیان کرد. لەو سەردانانەدا وەفدی پێکهاتوو لە فلاح عەلوان سکرتێری یەکێتیەکەو ئەمجەد علی چەندین کۆڕو سیمینارو کۆنفرانسو لێکچەریان ئەنجام داو چەندین چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی لەسەر ئاستی ئەمریکاو محەلی لەگەڵیان ئەنجام درا. لە هەر یەك لەو چالاکیانەدا تەئکید کرایەوە لەسەر وەزعی ڕاستەقینەی کرێکارانو خەڵك لە عێراقو باسی چۆنیەتی چالاککردنەوەی ڕۆڵی کرێکاران لەپێناو نەخش نواندن لە ئایندەی عێراقدا کرا. شایانی ووتنە کە ئەم سەردانە لەسەر داوای ڕەسمی ڕێکخراوی کرێکارانی ئەمریکا دژی شەڕ ڕێکخرابوو. بەشداربووان زۆر خۆشحاڵ بوون بەوەی کە لە چاوێکی ترەوەو لە زاری نوێنەرانی کرێکارانی عێراقەوە باسی باری خراپی ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتی کرێکاران ئەکرێت بە پێچەوانەی ئەو هەواڵە درۆیینەو فریوکارانەیەی کە ڕۆژانە لە تەلەفزیۆنەکانو میدیای بۆرژوازی جیهانیەوە دەرخواردی دانیشتوانی جیهان ئەدرێ. باسی چوونەدەرەوەی دەستبەجێی هێزەکانی ئەمریکاو مەسەلەی تایبەتی کردنی کەرتەکانی عێراق تەوەرێکی تری گرنگی ئەو کۆبوونەوەو چاوپێکەوتنانە بوون. هەروەها وەفدەکە ڕوانینێکی ڕۆشنیان دابەدەستەوە کە ئەوانەی ناونراون حکومەتو دەسەڵات، بێجگە لە بوکە شووشەیەکی دەستی ئەمریکا هیچی تر نین، وە یەك زەڕڕە ژیانو گوزەرانو خانوبەرەو تەندروستیو پەروەردەو خوێندنو....هتدی خەڵکیان بۆ گرنگ نییە. لەبەشێکی تردا باسیان هاتە سەر ئەوەی ناو ئەبرێ بە بەرگری "مقاومە"و ڕوونیان کردەوە کە ئەوە فڕی بەسەر خواستی خەڵك بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە نییەو ئەوانەش تاقمی تیرۆریستی ئیسلامینو شمشێرەکانیان لە دژی خەڵکی مەدەنی تیژ کردۆتەوە.

لە ئاکامی ئەو کۆبوونەوانەو لە کۆتایی جەولەکەدا، بەیانێکی هاوبەش لە لایەن وەفدی یەکێتیو هەندێ وەفدی تری عێراقی کە بەشداریان کردبوو وە ڕێکخراوی کرێکارانی ئەمریکا دژی شەڕەوە ئیمزا کرا کە داوای چوونە دەرەوەی دەستبەجێی هێزەکانی ئەمریکا ئەکات وە جەخت خرایە سەر ئەوەی کە ئەم مەسەلەیە خزمەت بە هەردووك خەڵکی عێراقو ئەمریکاش ئەکات.